# (تۆدۆ)كان، له كوردستان

**ن:بەختیار مام حەمید.،**

**(گۆشتی كاڵی گەلەكەت مەدە بە پڵاوی دوژمن)**

خوێنەری دەلال ..كەناڵی كوردسات دوای وەرگێڕان و دۆبلاژی درامای مێژوویی (گەوهەری كۆشك-جۆنگۆما) بۆ زووانی شیرینی كوردی و سەرنجراكێشانی زۆربەی هەرە زۆری بینەرانی كەناڵەكە، بۆ جاری دووەم و لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا دەستی كرد بە دۆبلاژ و پەخشكردنی زنجیرە درامایەكی زۆر گرنگی دیرۆكی و پڕ پەندو فەلسەفە كە باسی سەردەمێكی مێژووی جیهان و قۆناغی ڕوون بوونەوەی بابەتەكان دەكات، من دەڵێم شەڕو جەنگ قەت باش و دروست نەبووەو نیە بەڵام ئەو كات و ئەو قۆناغە جەنگ بۆ ڕوون بوونەوەی ڕاستیەكان بووە،ئەگەر ئەو جەنگانە نەكرابان دەبوایە ئێستا بێنە پێش و بكرێن!،ئەو زنجیرە دراما بە كوردی كراوەش درامای (جەنگیز خان-تیمۆجین)ە،ئەم دراما ڕاستە تایبەتە بە ڕووداوەكانی سەردەمی جەنگیزخان و سەركەوتنی مەغۆلەكانە، بەڵام دەبێت بزانین ئەم دراما باس لە لایەنەكانی (ئاشتی،جەنگ،ژن،ئاوارەیی،دەسەڵات،دزی و جەردەیی،سێكس،فێڵ و خۆش باوەڕیی،بێگانەپەروەری،تاكتیكی شەڕ، هونەری خۆپاراستن،سەرەنجامی خیانەتكاران و هتد...) دەكات و دەكرێت مرۆڤ زۆر بە باشی ئەزموون لەم دراما وەرگرێت و سودی لێ ببینێت..خوێنەری هێژا، باسی من باسی خودی دراماكەو لێكۆڵینەوە لەو دراما نیە،چونكە باس و ڕاڤەی هەر درامایەك و بە تایبەت مێژووییەكان پسپۆڕی و شارازایەكی زۆر باشی بواری فیلم و درامای دەوێت كە من نیمەو لەو ئاستەدا نیم..بەڵام من دەمەوێت باسی ڕۆڵی ئەكتەرێك بكەم كە ڕۆڵی كەسێكی (ئەمبەرو ئەوبەركەرو بێگانەپەرست و هەرجارەو پیاوی كەسێك) دەبینێت..ئەویش كەسایەتی (تودۆ todo) یە كە ئەگەر هەر كەس درامای جەنگیزخان (تیمۆجین) ی بینیبێت بێگومان (تودۆ) دەناسێت و دەزانێت چ كارەیە..ئەم (تۆدۆ) سەرەتا پاسەوانی یۆسۆگای باوكی تیمۆجین بوو،پاش ژەهرخواردكردنی یۆسۆگای لە لایەن هۆزی (تاتار)ەوە،پشتی كردە خێزانی یۆسۆگای لە كاتێكدا كە زۆر نەدارو بێكەس بوون،تودۆ لەگەڵ (تالی هوتای) ڕۆشت و خێزانی یۆسۆگای بە تەنها مانەوە،بەهەر حاڵ تیمۆجین گەورە بوو بە تێكۆشان و بەهەوڵی خۆی بووە خان و چەندین جار هێرشی ئەوانی شكاندو سەرەنجام (تالی هوتای) سەركردەی تودۆی هەلپەرست و بێگانەپەرست بە تەواوی تێكشكاو هەڵهات..تودۆ وەك پیشەی پیشتری كەوتە دوای سەركردەكەی و كوشتی و سەری (تالی هوتای) برد بۆ تیمۆجین و

به نیازی خەڵات و دەسخۆشی بوو، بەڵام (تیمۆجین) بە تاوانی خیانەت و فێڵبازیی سەری (تۆدۆ) ی لە لەشی کردەوەو کوشتی..

خوێنەری خۆشەویست ... لەناو گەلی ئێمەداو لە کوردستانی ئێمەدا هەزاران تورکپەروەر،عەرەبپەروەر،فارسپەروەر،بە ناوەکانی جەردەوان و جاش و جاسوس و بەکرێگیراو (تۆدۆئاسا) کەوتونەتە گیانی ماندوی گەلی کوردو ستەم لێکراو.،تۆدۆکانی کورد بۆ بەرژەوەندی و پولپەرستی و خیانەتکاری خۆیان هەموو شتێك دەکەن و تەنانەت کاسەی سەری (گەل) وەك دیاری و خەڵات بۆ (دوژمنان) ی تورك و فارس و عەرەب دەبەن.!،تۆدۆکانی لای ئێمە بە هەر جۆرێك کە بتوانن و بۆیان بلوێت دژایەتی تەڤگەری رزگایخوازی گەلەکەیان دەکەن و بۆ دوژمن دەبنە هەزارو یەك شت و یەك جار نابنە (کورد) و گەلپارێزو مرۆڤ..!،تۆدۆکانی ئێمە لە پێناوی وەرگرتنی قومێك چڵکاوی فارس و عەرەب و تورك بۆ ئەوەی بیکەنە قوزەڵقورتیان،پێشمەرگەو گەریلاو سیاسەتمەدارو ژن و لاوی گەلەکەیان دەکەنە ئامانج و دەیانچەوسێننەوەو زۆربەی کات بە مەرگی هاومیلەتانیان قارەمانێتی و داستانی بێوێنە بۆ دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان تۆمار دەکەن.. بۆ مەغۆل و جین و تاتار یەك تۆدۆ هەیەو لە ناوبردنی ئاسانە،وەلێ لای ئێمە مەخابن زۆر مەخابن هەر کوچەیەك تۆدۆیەکی سەرەخۆرەی دژی گەل و خەبات و تێکۆشانی کوردانە هەیە!،لێرە تۆدۆکان زۆرن و بە ناوی جیاجیاو بە سیناریۆی جوداوە دێنە مەیدان بۆ وێنە بە ناوی (دۆستایەتی تورك و فارس و عەرەب زامنی پارستنی هەرێمی باشوری کوردستانە،جەردەوانی کوردان لە باکور هەوڵێك بۆ کەمکردنەوەی هەیمەنەی ئەرتەشی تورك لە باکور،بەسیجی لە رۆژهەڵات بۆ پاراستنی ماڵ و منداڵەو هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە برسا نەمرن،بەکرێگیراوی لە رۆژئاڤا تەنها بۆ خەڵەتاندنی رژێمی سوریاو ئەسەدەکانە،و هەزار بەهانەو سیناریۆی هەڵوەشاوو درۆو گەلفرۆشانەی دیکە..) ،تۆدۆکانی کوردستان دەوڵەتی تورك بە دۆست و خۆشەویست دەزانن و تورکیش بە هەزار شێوە گەلی ئێمە سزا دەدات و دەیانکوژێت و بە خەباتکارانی (pkk)ش دەڵێت تیرۆریست و ئاژاوەگێر..،تۆدۆکانی لای ئێمە ئێران و فارس بە دراوسێیەکی باش لە قەڵەم دەدەن و ئەم دراوسێ ئازیزەش بە تۆپەکانی کەوتوەتە وێزەی گەلەکەمان لە بناری قەندیل و چۆمان هەمووی ئاوارەو ماڵوێران و دەر بەدەر کردوون و لە رۆژهەڵاتیش لاوانمان بە ناوی جیاجیاوە لە سێدارە دەدات و جەرگی سەدان دایکی وەك دایکی فەرزاد کەمانگەر دەسوتێنێت.،ئاخر تۆدۆکانی لای ئێمە پارەو پۆست و کۆمپانیاو ئەوانەیان دەوێت ئیتر کوردو کوردستان و گەل و ئاوارەو فەرزادو منداڵەکانی عەلی حەیدەریان و شێواندنی جەستەی

گەریلاو زیندانکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان(ئاپۆ) و سوتاندنی منداڵانی ئامودا و ئاوارەیی سەدان هەزار کوردی ئەرمەنستان و شەهیدکردنی د.مەعشوق خەزنەوی و شێواندنی جەستەیی و ئەمانە چین لە بەرامبەر پارەدا؟!.،ماوەتەوە بڵێم تۆدۆکانی لای ئێمەش پێویستە ئەزموون و تەجرەبە لە تۆدۆکەی جەنگیزخان وەرگرن و واز لە گەلفرۆشی و بێگاپەرستی بهێنن..ئەگەر نا سەرەنجامیان لەو تۆدۆ باشتر و خۆشتر نابێت و سەری بێ ئەقڵیان دەبێتە نیشانەی تیری گەل و گەل مافی خۆیان لێوەردەگرنەوە..،پێویستە چیتر گەل پشت لە گەل نەکات و هەموو پێکەوە حەبات بکەین و یەکێتی نەتەوەیی کورد بپارێزین و واز لە کاری خیانەتکاری و تۆدۆئاسای بهێنین..گۆشتی کاڵی گەلەکەت بخۆو مەیگۆڕرەوە بە پڵاوی دوژمن!،

**تێبینی:هیوادارم لە باسی دراماکەو ناوەکاندا هەڵە نەبوو بم،چونکە ئەو دراما وەک ووتم تایبەتمەندی خۆی هەیە..**